# گفتوگۆیەك لەگەڵ ڕەفیق پشدەری نووسەری کتێبی

# "کورد دوژمنی خۆت بناســــە"

**کەیهان عەزیز**

**کەیهان عەزیز: کتێبی یادداشتەکانتان، کۆمەڵێک زانیاری زۆر گرنگی بۆ خوێنەران، پێبوو. زەمین لەرزەیەکی گەورە بوو و، سەرنجی خوێنەرانی لەئەوروپاو وڵاتانی دیکەش بۆ لای خۆ ڕاکێشا، ئایا ڕەفیق پشدەری چیتری ماوە کە لە یادداشتەکانیدا نەیگوتبێت؟**

ڕەفیق پشدەری: "بەڵێ، زۆر شتی ترم ماوە بینووسم، ئێستا من لە بەشی پێنجەمی یادداشتەکانم بوومەتەوە، کتێبێکە، دوو ساڵ و دوومانگ و20 ڕۆژی خایاند تا تەواومکرد و بەزمانی کوردیی(500)لاپەڕەیە و بەعەرەبیش (427) لاپەڕەیە و شیکردنەوەیەکی ووردە، زۆر خاڵی گرنگم بەسەرکردۆتەوە بۆنموونە، ڕێکەوتنی 11ی ئازار، موعامەلە و موقایەزەیەک بووە لەنێوان مەلامستەفا و سەددامدا! ئەمە و زۆر ڕاستیی ترم لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەمدا باسکردووە، کە مەسعوود دەخەنە گریان.

**کەیهان عەزیز: کەی بۆمب خرایە ماڵتانەوە، هۆکەی چی بوو، گومانیش لەکێ دەکەن؟**

ڕەفیق پشدەری: "گومانی چی؟ بێگومان، مەسعوود ونێچیربارزانی، بەرپرسیارن لەهەوڵی تیرۆرکردنم و جگە لەم بنەماڵەیە، کەسی دیکە نییە. شەوی 4-06-2005 دوو نارنجۆکیان فرێدایە ماڵمانەوە، تەنها زیانی مادیی نەبێت، خۆشبەختانە زیانی گیانییمان نەبوو، هەموو ڕووداوەکەیشیم بەفیلم گرتووە و وەک دۆکۆمێنتەکانی تر هەڵمگرتووە. بۆ ڕۆژی دوایی (5-06-2005) لە ئاسایش و پۆلیس، دەعوام لە سەر مەسعوود ونێچیر بارزانی تۆمار کردووە و بەتاوانبار ولێپرسراوم زانیوون سەبارەت بەهەوڵی تیرۆرکردنم. هۆکەی ئاشکرایە، ئەو بنەماڵەیە بە باسکردنی ڕاستیەکان قاڵسن و ئەو ڕاستییانەی لە یادداشتەکانمدا باسمکردوون، چاکی پێکاوون. ناشتوانن وەڵامم بدەنەوە، چونکە ڕاستییەکیان جگە لە لەناوبردنم و سووتان و فەوتانی ئەو فایل و دۆکیۆمێنتانەی کە لە لامن پێنیە. هەر بۆیە، وەک پیشەیان دەستیانکرد بەو کارەی کە لەتوانایاندا بوو. ڕاستییەکی دیکەش هەیە کە لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەمدا باسمکردووە: ڕۆژی 8-02-2005 لە دادگای جینائی لە بەغدا، شکاتم لە سەر سەددامی دیکتاتۆر تۆمار کردووە، چونکە لە11-09-1976دا، سەددام داوای لێکردبووم کە: "جەلال تاڵەبانی بکوژم !"

منیش پێمگوت: "تاڵەبانی بە من ناکوژرێ و ئەو کارەش ناکەم." ئەوە بوو لە 14-09-1976 گرتیانم و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر درام. لە دادگای بەعس، حوکمی لە سێدارەدانم درا، پاشان حوکمەکەم لە ئیعدامەوە کرایە 20 ساڵ زیندانی. کە بوو بە سەرۆک(سەددام)یش، بەفەرمانی ئەو ئازادکرام.

نهێنیەک هەبوو کۆدەکەی بەنێوی (بیروت مارتینت) تەنها من و مەسعوود ومەلامستەفا دەمانزانی، کەسی دیکە نەیدەزانی. کەچی لە ناکاو وتیان تۆ بۆ ئەو نهێنیە و کۆدەمان پێنادەیت، خۆ ئێمە دەیزانین! ئەو نهێنیەش (کۆدەش) کێ بۆ بەعسیەکانی درکاندووە، من یان مەسعوود یا مەلامستەفا ؟! .

لە دادگای جینائی سەددام، چەند حاکمێکی تێدایە، کە یەکێکیان کوردە و پێدەچێت سەر بەپارتی بێت. کاتێک کە من بۆ شاهیدی ولێپرسینەوە چووبوومە دادگای جینائی لە بەغدا وەک شاهیدێک دژی سەددام، کەچی بەکوردی پێی وتم: "دەزانی ئەو کتێبانەی تۆ و ئەو نهێنیانەی باسترکردوون دەبووایە 20 ساڵی تر بڵاوت کردبایەوە!". تێگەیشتم قسەکانی لە کوێوە ئاوی دەخواردەوە! حاکمێکی دیکەی عەرەب کەلەم دانیشتنەدا بوو، داوای لێکردم کە بەعەرەبی قسەبکەم، چونکە کوردی تێناگەن و، جەلەسەکەش، لەسەر شاهیدی بوونە دژی سەدام، دەبێت ئێمەی ئەندامانی دادگاش، تێبگەین ئێوە چی دەڵێن. منیش بەعەرەبی وتم: ئەم حاکمە کوردە وام پێدەڵێت.

حاکمە عەرەبەکەش وتی: کاک ڕەفیق پشدەری هەڵوێستی هەیە بۆیە دەوێرێت شاهیدی دژی سەددام بدات، گەر وا نەبوایە ئێمە بەپیریەوە نەدەچووین.

**کەیهان عەزیز: کەنگێ مام جەلال و نەوشیروان مستەفات بینیووە و هەڵوێستیان بەرانبەر یادداشتەکانت چی بووە؟**

ڕەفیق پشدەری: " مام جەلال و نەوشیروان مستەفام نەبینیوە، بەڵام لە ڕێگای هاوڕێیەکمەوە کە کاک نەوشیروانی بینیبوو وتبووی"ئەوەی ڕەفیق پشدەری نووسیوێتی و بەو کراوە، بە من ناکرێت". کەسانێکیش لەسەر کۆمەڵێک ڕەخنە کەلە بەشی دووهەم و سێهەم لە بەرانبەر یەکێتی نووسیبووم بەمام جەلالیان ووتبوو کە: "ئاگاداری ڕەفیق پشدەریت چی نووسیووە؟ مام جەلالیش وتبووی"بەڵێ، کتێبەکەییم 3جار خوێندووەتەوە و ڕاستیەکانی نووسیووە، دەستی خۆش".

**کەیهان عەزیز: ئەی پارتیی و مەسعود بارزانی چی؟ هیچ پەیام و قسەیەکیان بۆتان نەبوو ؟**

ڕەفیق پشدەری: " پەیام و قسەی ئەوان لە بەرانبەر ڕەخنەگرانی بنەماڵەدا دیارە چییە. تیرۆرە، نارنجۆک فرێدانە ماڵانیان وتۆمەتهەڵبەستنە. ئاخر من کتێبم نووسیووە، کەچی ئەوان بە نارجۆک وەڵامم دەدەنەوە و دەیانەوێت تیرۆرم بکەن. گەر مەسعوود و بنەماڵەکەی و ئەوانەی لە دەوریانن، ڕاستدەکەن، با بە وتار، بە کتێب، وەڵامی کتێبەکانم بدەنەوە نەک بە نارنجۆک.

بەڵێ، لە 20-07-2005 مەسعوود بارزانی نوێنەرێکی ناردبووە لام و وتی: "کاک مەسعوود بارزانی دەڵێت: "تاکە کەسێک لە کوردستاندا لە بەرانبەرمدا وەستابێت تۆیت (ڕەفیق پشدەری). با وازبێنێت، بەسە، ماندوو نەبوو، تاقەتی نەچوو، هێندەی لە سەرمان نووسی، بەس نییە". هەروەها لە شوێنێکی دیکە پەیامێکیان بۆ ناردووم کە "ئێمە (پارتی) کێشەیەکمان لەتەکتا نییە، بەڵام سبەی یەکێتی تیرۆرت دەکەن و هەمووانیش وا دەزانن ئێمەین!"

**کەیهان عەزیز: لێپرسراوانی یەکێتی سەردانت دەکەن وهەڵوێستیان چۆنە بەرانبەرت؟**

ڕەفیق پشدەری: " ئەوان سەردانم ناکەن و هەندێکیشیان خۆیانم لێدەدزنەوە، بەڵام هەڵویستی جوانی خەڵکی شاری سلێمانی و خوێنەرانی دیکەشم... بێئەندازە جوانە و ناتوانم فەرامۆشیان بکەم. تەنانەت کاتێک دەچم بۆ بازاڕ بۆ شتکڕین، بەزۆر پارەم لێوەردەگرن....هۆکەشی ئاشکرایە.

ڕاستییەکانی نێوکتێبەکانم کۆد و زانیاریی چەند ساڵەن کە میللەتی لێقەوماوی کورد بەشوێنیدا وێڵ بووبوو. لەوانەیە کەسانێکی وەک دکتۆر مەحمود و کێ و کێ هەبن، چاکتر و وردتریش لە من ئاگاداری سکانداڵەکانی بنەماڵەی بارزانی بن، کەچی قرقەپیان لێکردووە! وەلێ من ویژدانی خۆمم بۆ نەوەکانی کورد ئاسوودە کرد و، ئەو بڕگە مێژوویانەی تیایدا بووم، بەپێویستم زانی لە نەوەکانی ئایەندەی نەشارمەوە و مێژوو بەڕاستیی بنووسمەوە.

**کەیهان عەزیز: ڕاستە بۆ پاراستنی ژیانتان، مام جەلال چەند چەکدارێکی سکرتاریەتی بۆ ناردوویت؟**

ڕەفیق پشدەری: "نەخێر، هێرۆخان بوو، من هەرگیز ئەو هەڵویستە جوانەی فەرامۆش ناکەم."

**کەیهان عەزیز: دەڵێن گوایە یەکێتی پارە و پوڵێکی زۆری داویتێ؟**

ڕەفیق پشدەری: "جگە لە مووچەی مانگانەی خانەنشینی کە (100)دۆلارە و بەشی 3ڕۆژم دەکات، یەکێتی، هیچ کۆمەک و شتێکی تری بۆ نەکردووم. من هەژارم و هەژارانە دەژیم. تەنها جیاوازیەکی گەورەش کە لەنێوان پارتی و یەکێتیدایە:- ئەوان(پارتی)دەیانەوێت بمکوژن و لە ناوم بەرن. یەکێتی ئازادی نووسینی لێنەگرتووم. کە ئەمەش دەریدەخات جیاوازیەکەیان تا چ ئەندازەیەکە.

**کەیهان عەزیز: لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا دەکرێت، ئەو شتانەی نەتووە بیڵێیت؟**

ڕەفیق پشدەری: "نەخێر، بەڵام گەر لەهەندەران بژیمایە ئەوا بێگومان ئەو کارەم دەکرد."

**کەیهان عەزیز: دەی چۆنە وا ژیانتان لە مەترسیدایە و هەنگاوێکتان نە ناوە بۆ دەربازبوون، لەکاتێکدا هەموان دەزانن ڕاستییەکانی ناو یادداشتەکانت بەسن بۆ ئەوەی هەر دەوڵەتێک مافی پەنابەرێتیان بداتێ ؟**

ڕەفیق پشدەری: "لە ڕاستیدا پێشنیاری زۆرم بۆ کراوە، تەنانەت لە وڵاتانێکی وەک ئێران ولیبیا و سوریا و تورکیا... وەلی دەزانم ئەوان بە چ مەبەستێک ئەمکارە دەکەن و هەر بیریشم لێنەکردۆتەوە. لایەنی غەربیش هەن کە بەڵێنیان پێدابووم، مافی پەنابەرێتیم پێبدەن و بگرە بەڵێنیاندا، هاکە بە هەلیکۆپتەرێک بێن بە دوامدا، وەلێ لەوانیش بێئومیدبووم، چونکە گەر بگەمە ئەوێ لەوانەیە ئەو ڕاستییانەی کە ئاشکرایان دەکەم، ئەوانیش شەرمەزار و قاڵس بکات. بۆیە تا ئێستا دەستی دەستیم پێدەکەن. بە هەرحاڵ لێرە ماوم و خەریکی ژیان ونووسینم.

**کەیهان عەزیز: هۆی ئەوە چیە مەسعود و مەسرور و نێچیر وا تەواوی پۆستەکانی هەرێمیان کۆنترۆڵ کردووە و یەکێتیش نقەی لێوەنایەت، دەنگۆی ئەوە هەیە کە یەکێتی فیلم و فایلی گرنگی وەدەست پارتی کەوتووە، تا چ ئەندازەیەک ئەوە بەڕاست دەزانن؟**

ڕەفیق پشدەری: "ئەوە درۆ و پرۆپاگەندەیەکی بێبناغەیە. بگرە من بەدڵنیاییەوە پێتدەڵێم کە پێچەوانەکەی ڕاستە!. یەکێتی نزیکەی دوو تەن فایلی پارتی لە بەر دەستدایە ولە بەر تێکچوونی ئەزموونی تازەمان نایەوێت بیخاتەڕوو. مام جەلالیش دەیەوێت دوایین ساڵەکانی ژیانی بە شەڕ و ئاشوب و بەربەرەکانی کۆتایی پێنەهێنێت وئەزموونە تازەکەمان نەکاتە قوربانی کورسیی دەسەڵاتی هەرێم، بۆیە وا نەرمە.

**کەیهان عەزیز: پێناچێت، سەردانی مام جەلال بۆ سەر گۆڕەکەی مەلامستەفا، فەلسەفە و بوونی یەکێتی ئێکسپایەر کردبێ و ئایەندەی یەکێتی لە بەرانبەر بنەماڵەدا خستبێتە ژێر پرسیارەوە؟**

ڕەفیق پشدەری: "بەبڕوای من، مام جەلال، لە بەر ئەزموون و دەستکەوتە بەدیهاتووەکانی کوردە، وا هەمووشتێک پەسەند دەکات. دەنا مام جەلالیش لە من چاکتر دەزانێت مەلا مستەفا چی بووە. ئیمڕۆکە ئایەندەی کورد و دەسکەوتە بەدیهاتووەکان بۆ ئەو زۆر لە سەرۆکایەتی و سەردانی گۆڕێک گرنگترە. ئەو لەپێناوی تێکنەچوونی ئایەندەی کورد، سەردانی گۆڕەکەی مەلامستەفا دەکا، نەک لە بەر مەلا مستەفا، ئەو هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، وەلی بۆ منی نووسەر کە هیچ لێپرسراوێتییەکم نییە، وەک لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەشمدا نووسیومە: "حەق نییە سەردانی گۆڕەکەی مەلامستەفا بکرێ، بگرە حەقە لە گۆڕەکە دەربهێنرێت و دادگایی بکرێت."

**کەیهان عەزیز: گەر پەیامێک بۆ مەسعود بارزانی بنێرن، چی دەڵێن؟**

ڕەفیق پشدەری: "پێیدەڵێم، لەبیرتە دوای ڕاپەرینەکە لە شارۆچکەی "سدیق" بینیمیت و سکاڵاتدەکرد کە خاوەنی دۆلارێک نیت، ئێستاکەش خاوەنی 12ملیار دۆلاریت!!بەسە شەرمکە، واز بێنە لەو میللەتەلێقەوماوە، بیزنس و پاوانخوازی بەسە.

**کەیهان عەزیز: کەنگێ بەشی پێنجەمی یادداشتەکانت بڵاودەکەیتەوە؟**

ڕەفیق پشدەری: "پاش جێگیربوونی دەستوور،چونکە نامەوێت لەم دۆخەناسکەدا ئەو کتێبەم بڵاو بێتەوە."

**کەیهان عەزیز: ناتوانیت، بەشی پێنجەمم بۆ بنێریت، تەنها بۆ خوێندنەوەی خۆم. بەڵێنیش دەدەم کە بڵاوی نەکەمەوە؟"**

ڕەفیق پشدەری: "بمبوورە، تەنانەت نایەڵم کوڕەکانی خۆشم بیخوێننەوە."

Den–Bosch, 2005–09–11

www.kayhanaziz.nl, www.kayhanaziz.nlogspot.com